# یاددێك له بۆردومانه‌كه‌ی ئێزگه‌ی ده‌نگی كوردستان له‌ ئه‌شكه‌وته‌كه‌ی سه‌ردێمان له‌ سالی 1966دا .

ئه‌حمه‌د ده‌شتي



**سه‌ربه‌رزم به‌وه‌ی كه‌ پێشمه‌رگه‌ بووم**
**خـــــــاوه‌ن باوه‌ڕی كوردایه‌تی بووم**
**له‌ ڕێگه‌ی پارتی و بـــــــــارزانی نه‌مر**
**به‌ قوربـــان كوردو كوردســـــتانم بووم**

یادو بیره‌وه‌ری هه‌میشه تامێكی خۆش و نه‌ژی شادی تایبه‌تی خۆی هه‌یه ، ده‌بێت مرۆ ئه‌و بیره‌وه‌ریانه جا چ شیرین بن یاخود تال هه‌رگیز له بیریان نه‌كاتن، به‌تایبه‌تی یادو بیره‌وه‌ری ڕۆژانی خه‌بات و تێكۆشان له پێنای ئازادی



ئه‌شكه‌وته‌كه‌ی سه‌ردیمان        وێنه‌ كر ئه‌حمه‌ ده‌شتی

و ڕزگاری گه‌ل و نیشتمانی شیرینمان دا ،گه‌لێ بیره‌وه‌ری شاد و تال هه‌میشه له ناو خانه‌ی خه‌یالم دا ده‌خولێنه‌وه‌و ماوه‌یه‌كی زۆره كه هانم ده‌ده‌ن ئه‌و بیره‌وه‌ری و به‌سه‌رهاتانه‌ی ژیانی خۆم بخه‌مه‌سه‌ر كاغه‌زو هه‌رله‌یه‌كه‌م ڕۆژی كاركردنم له چاپخانه‌ی خه‌بات و ده‌نگی كوردستانی عێراق له سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی ئه‌و ده‌نگه زۆلاله‌ی شۆڕشی ئه‌یلولی مه‌زن به ڕابه‌رایه‌تی سه‌ركرده‌ی كوردو كوردستان نه‌مرو هه‌میشه زیندوو مسته‌فا بارزانی،ئه‌و ڕابه‌ره گه‌وره‌یه‌ی كه هه‌تا هه‌تایه مایه‌ی شانازی و سه‌روه‌ریه‌تی كوردو كوردستانه ،بیان خه‌مه سه‌ر كاغه‌ز و منیش به‌ش به حالی خۆم یادگاریه‌كانی كه له بیرم ماون و له ناو خانه‌ی خه‌یالم دا ده‌جولێنه‌وه به تێرو ته‌سه‌لی هیچی وه‌پاش نه‌ده‌م و

پەڕتوکێکی لە بارو بە سودیان لێ بسازم و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکەم ،کەئەمەش ئاواتێکی دیرینەو لە مێژینەی خۆمە ، کەداخەکەم دوسێ جاران دەفتەری یادو بیرەوەریەکانم لێ ون بووینەئەو یادگاریانەی کە ئەمڕۆ ناتوانم وا بەخەست و لە باری وەك دەفتەرەکانم بیان نوسمەوە ،چەنکە مرۆ تا بەرەو پیری دەڕواتن زووتر شت لە بیر دەکاتن، کەمن گەلێ یادگاری بە تام و خۆشم لەو دەفتەرانە نوسی بۆوەو ئێستا وام لا نەماون،ئەوەش بە هۆی ڕۆژگارانی پێشمەرگایەتی و بۆردومان وکارەساتە گەورەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و ژیانی ئاوارەیی ودەربەدەری سالەهای سالمان لە نامۆیی وغەریبی و ئەو هەموو ڕەنج و ئازارو میحنەتانەی دووری کوردستانی ئازیز و خۆشەویستمان و بە سەر هاتە تالەکانمان.

چەند جارێك لە مەو پێش بیرەوەریەکانی دەنگی کوردستانم لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان خوێندووتەوە ،کەبە داخەوە بە کەم و کوڕیکی زۆرەوە نوسرابووەنەوە، چونکە ئەو نوسینانە بە تەواوی مافی ئەوانەی کە بەشداریان لە دامەزراندنی دەنگی کوردستانەوە کردووە لەمهەندسی دامەزرێنەرو گەلێ کەسایەتی تر هەر باسیان لێوە نەکراوە ،کە ئەمەش بەلای منەوە زولمێکە لەوانە کراوە کە تا بلێی لەو ڕێگە پیرۆزەوە خۆیان ماندوو کردووەو لە سەخت ترین ڕۆژگارانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بۆ پێشخستن و سەرکەوتنی دەنگی کوردستان بەوپەڕی بیرو باوەڕی ڕاستی کوردایەتی و مەردایەتیانەوە هەولیان داوەو خەباتیات تیا کردووە، تا ئێستاکەش زۆر نوسینم لەو بارەوە خوێندووتەوەکە باسی ئەو دەورە گرینگەی ئەو هەڤالانە کە کردوویانە هەر نەکراوە هەر برادەرە بۆخۆی،کەوا دیارە بە تەواوی ئاگادار نیە ملی پیوە ناوەو مافی گەلێ کەسیشی قوت داوە کە وەك بلێی ئەوانە هەر نەبووبن،دەزانم ئەوەش هەر لە بەر ئەوەیە کە ئەوەندە زانیاریەیان نیە لەو بارەوە، هەموو خزمەت و ماندووبوونێکی ڕۆژانی سەختی شۆڕشی ئەیلول و بەشدار بوونی ئەو هەڤالە دلێرانەو هەموو و خەبات و تێکۆشانیان بە ناهەق لە بیر کراون و هەر باسێکییان لێوە نەکردوون، کە بەڕاستی خودی ئەوان ئەندامانە کارگەردانی سەرەکی و هەلسوڕێنەری دەنگی کوردستانی عێراق بووینە ،ئەمەش بە خۆی داخێکە کە خەبات و تێکۆشانی گەلێ لەو هەڤالانەی کە لە ڕۆژانی سەخت و نەهامەتی و ناخۆشی دا بەوپەڕی تواناو بیرو باوەڕو هەستی پاکی کوردایەتی تێکۆشاون وگەلێك ماندوو بووینە ئاوا لە یاد دەکرین و زۆر بە دەگمەن باسیان لێوە دەکرێتن،هەروەك لەوە پێشیش لە نوسینێك دامن باسی ئەوەشم کردووە کە جێگەی داخەو دەبینین کەوا گەلێ لە وێژەوانان و شاعیران و گەورەپیاوانی کوردیش هەن لە یاد کراون بە دەگمەن باسیان لێوە کراوە ،کە ئەو نەمردانەش هەموویان شایەنی لە بیر نەکردن و پێدا هەلگوتن و یادو بیرەوەری و جێگەی شانازی کوردو کوردستانن، ئەمەش پێویستی سەر شانی هەموو لایەکمانە ،کە یادو بیرەوەری سەرووەرانمان هەرگیز لە بیر نەبەینەوەو بەبێ تەحەیوز یادیان بکەینەوەو ڕاسیەکان چۆنن ئاوا بیان نوسینەوەو مافی خەباتگێڕان و دلسۆزانی هیچ پێشمەرگەو بەرپرسیارو کەسایەتیەکی ماندوو لە بزووتنەوەی ئازایخوازیمان لە یاد نەکەین و مافی ئەو هەموو تێکۆشان و ماندوو بوونەیان لە ڕێزی شۆڕش و بەرخودان دا پێ بدەین، بە تایبەتی ئەو لێپرسراو و ڕابەر و کەسایەتیانەی کە بیرەوەریەکان دەنوسنەوە نابێت ئەمە لە یاد بکەن و مافی تێکۆشەران بە خۆیان نەدەن،ئیمرۆ دەبێت نوسەران و بەرپرسیارانی ئەو بابەتانە بەو پەڕی ڕێز و بێ ئەملاو ئەولا ناوی دلسۆزان و خەبات کەرانی زاناو دلسۆز و ماندو نەناسان بکەن،ئیمرۆ دەبێت هەموو شەهیدان و ئەوانەی کەزۆر کاریگەربووینە لە ڕێزی شۆڕشی ئەیلولی مەزن دابە تایبەتی ئەوانەی کە نەماون و گیانی پاکی خۆیان کردۆتە قوربانی هەرگیز لە یاد نەکرێن،نەمرانی وەك عەبدوالخالیق مار ف و شەهید سەیدا سالح یوسفی و هەموو

ئەوشەهیدانەی کە بوونەتە قوربانی کوردو کوردستان دەبێ هەمیشە یادو بیرەوەریان بکرێتەوەو لە چاوانمان خۆشەویستر بن و بە هیچ شێوەیەك لە بیرنەکرێن و هەمیشە باسیان بکرێن، کە ئەمەش بۆخۆی بابەتێکی ترە ،من لێرەدا دەمەوێ یادێك لەبە هاری 1966 دا لە ئەشکەوتەکەی سەردیمان بکەمەوە ، ئەو بەهارەی کە زۆر بە نامەردانە کوردستان بۆردومان دەکراو شار و گوندو ڕەزو باغ و لێرەوارکانی کوردستان لە سەرتاسەری خاکی ڕزگار کراومان دا ،دوژمنانی دڕندە هیچ کەمتەرخەمیەکیان نەکردووەو بە هەموو چەکێکی کوشەندە ناوچە ڕزگار کراوەکانی کوردستانیان بۆردوومان دەکردو تەڕو وشکیان بەیەکە دەسوتاندو مالی کوردی هەژارو نیشتمانپەروەرانیان بە سەر یەکا دا دەتەپاند و نەیاران هەرچیەکی لە دەستیان هات کردیان وتا بلێی دڕندەو جانەوەرانە دژ بە گەلی کورد هەنگاویان هاویشت،ئەو سەردەمانە ئێمە لە ناوچەی ئازاد کراوی بالەك بووین،لە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە (ئەشکەوتەکەی سەردێمان) کارمان دەکرد و دلیشمان پڕ لە هیوای سەرکەوتن و هەولی خەبات و تێکۆشان و سەربەرزی شۆڕشی پیرۆی ئەیلولمان بوو،لە سەرتاسەری جەبهەکانی کوردستان دا شەڕێکی داسەپاو بە سەر گەلی کوردستان و پڕ لە پەلامار دانی دوژمنانی ملهوڕ بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان لەوپەڕی دابوو،لە زۆزك و گەرووی عەمەراغاو،گۆڕەز و هەندرێن وخەلیفان و کۆڕەك و دەشتی هەولێری قارەمان و ناوچەی بادینانی خۆ ڕاگرو،ناوچەی قەراغی دوژمن بەزێن و چیای هەمیشە سەربەرزی سەفیی دلێران وناوچەی ڕانیەو ئەزمڕ و،ناوچەی گەرمیان و تەواوی کوردستان وپێشمەرگە پالەوانەکانمان بەرگریەکی دلێرانەیان لە خاك و شەڕەفی کوردەواری و خاکی ڕزگار کراوەوە دەکرد ،دوژمنیش بە بۆمبای ناپالم و خۆشەبی و بەرمیلە تیزابەکانیان و تۆپە دوور هاوێژەکانیان و فرۆکە جەنگاوەراکانیان کە دیاری شەرق و غەرب بوون زۆر دڕندانە پەلاماریان دەدا کە وەسف کردنی کارێکی ئەوەندە ئاسان نیەو گەلێکی دەوێت، لێرەدا من من دەمەوێ تەنیا باسی ئەو بۆردومانەی ئێزگەی دەنگی کوردستان و یادێك لەو ڕۆژگارانەی ئەشکەوتەکەی سەردیمان بکەمەوەو بە کورتی باسی دەنگی کوردستانی عێراق لە سالی1966 دا بکەم کە چۆن دڕندەکان پەلاماری ئەو دەنگە زۆلالەو خۆشەویســــــتەی شۆڕشی ئەیلولی مەزنیان داو بۆردومانیان کرد .

هەروەك گوتم ئەو بەهارە پڕ بوو لە پەلامار دان وهێرش بۆ سەر ناوچەکانی ئازاد کراومان،شەو نەبوو تەیارەکان نێنە سەر ناوچەی بالەك و بە پەڕەشوتەکانیانەوە گلۆپە ڕوناك کەرەوەکانیان لە ئاسمان دا ڕۆشەن نەکەنەوەو ئەوناوە وەك ڕۆژی ڕوناك لێ نەکەن، ئەوسا بۆمبا ناپالمەکانیان و موشەکەکانیان بەسەر خەلکی ئەو ناوچەیە بە تایبەتی دەورو بەری دەنگی کوردستان دا دەباراند ،خۆ هەر لە سالی 1965 وە را تا بۆردومانەکەی سالی 1966دەورو بەری ئێزگەو تەواوی ناوچەی بالەکیان یەکپارچە دەکردە ئاگر و گڕو بە خەیالی خاوی خۆیان چۆك بە گەلی کورد دابدەن و ناچار بە تەسلیم بوونمان بکەن و نەیان دەزانی کە ئەوان خەیال پووچن و ناتوانن بیرو باوەڕی کوردایەتی و هەستی ئازایخوازی بە هیچ شێوەیەك لە ناو بەرن.

لە سالی 1966دا دەنگی کوردستانی عێراق دەورێکی گرنگی هەبوو لە گەیاندنی دەنگ و باس و هەوالەکانی شۆڕشی پیرۆزی کوردستان کۆمەلێ لە ڕۆشەنبیران و ئەندازیاران و ماموستایانی هێژا لەو ئێزگەیەدا شەوو ڕۆژ کارمان دەکردو بۆ جوانتر و لە بار ترو پتەو تر کردنی ئێزگەی دەنگی کوردستان لە هیچ ماندو بوون و هەول و تێکۆشانێك دا بۆ ئەو مەبەستە دریغیمان نەدەکرد ،شەهیدی نەمر سەیدا سالح یوسفی بەرپرسیاری دەنگی کوردستان بوو،شەهیدی نەمر عەبدوالخالیق بەر پرسیاری بەشی فەنی دەنگی کوردستان بوو،ماموستا عوسمان سەعید و

دلشاد مەسرەف و نوری ئەتروشی و جەلال عەبدوالرمان و محمد سالح ئاکرەیو ماموستا شێرکۆ بێکەسی شاعیر و خالید ئاغای حسامی لە بەشی نوسین وبلاو کردنەوەی بەرنامەکان کاریان دەکرد ، بەشی فەنی عەبدواخالیق مارف و کاك ئەمجەد عەبدواواحد و کاك عالیب و ئەحمەد دەشتی و فوئادە قوت بووین ، کۆمەلێ پچشمەرگەش لە حەرەسەکانی سەر بە عەریف دەرولێش حەراسەتی ئێزگەیان دەکرد و عەریف ئەسعەدیش لێپرسراوی دژی ئاسمانیەکە بوو ،هەموو ئەو دلسۆزانە پێشمەرگە دلێران بەوپەڕی گیانی پاکی کوردایەتیوە لە دەنگی کوردستان کاریان دەکرد ،هەزاران سلاو لە گیانی پاکی ئەوانەی کە شەهید بووینەو تەمەن درێژیش بۆ ئەوانەی کە ماون لە یەزدا\انی مەزن داوا کارین ، لێردا تەنیا دەمەوێ ئەوە بلێم کە شەهیدی نەمر و سەربەرز و هەمیشە زیندو عەبدوالخالیق مارفی نەمر کە بە دەستی داگیرکەرەدرندەکان لە شاری هەولێر لە بەر دەگای مالەکەی خۆی زۆر بە نامرۆڤانە دەستی تاوانبی بۆ درێژکراو شەهیدیان کرد لەو سەردەمە دا بەرپرسیاری فەننی دەنگی کوردستان بوو ،ئەو فەیلەسوفی ئەلەکترۆن و ئەنتێنابوو ، مرۆیەکی ماندو نەناس و زاناو پڕ لە توانا بوو ،ئەوەندە شارەزا بوو لە بارەی ئەلەکترۆنیات کە بە بۆچوونی من ئەو مرۆیە مەزنە وێنەی زۆر کەمەو کەسێکی تر وەك ئەو نابێتەوە ،هەر بۆیەش بوو داگیرکەرە درندەکەیان هەلیان بژاردو دەستی تاوانیان بۆ درێژ کردو ترۆریان کرد ،من بەش بە حالی خۆم ناتوانم پڕ بە پێستی خۆی باسی مرۆیە زاناو شارەزایە لە بواری ئەنتێناو ئەلەکترۆنیات بکەم ،چونکە هەرگیزناتوانم کە بەتەواوی باسی بکەم ،ئەو مرۆیە مەزنە بەوپەڕری چالاکی و دلسۆزی و گیانی پاکی پێشمەرگایەتیەوە شەو ڕۆژ خۆی ماندو دەکرد کە دەنگی کوردستان بە هێز بکات و بە سەر ئەو هانی هانی و تەشویشانەی کە ڕژێم لە سەر شەپۆلەکانی دەنگی کوردستانیان دادەنا سەرکەوتوانە هەولی دەداکە زال بێێ بە سەریان دا ، تەواوی ئەو بەرنامەانەی کە لە ئێزگەوە بلاو دەکراوە لە سەر ڕاهنەمایبەکانی ئەو مرۆیە مەزنە لە گەل نەبوونی پێداویستەکانیش وامان دەکرد کە خەلکی کوردستان گوێیان لە دەنگی کوردستان بێت و لە گەل هانی هانی و تەشویشەکانی ڕژێم بەربەرەکانیەکی زۆر سەختمان هەبووماندوو بونەش و هەول و خەباتی ڕۆژانەمان هەمیشە فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی درندەکان لەو ناوە دەسوڕانەوەو بۆمبەکانی ناپالم و تیزاب و شەستیرەکانیان بە سەر خەلکی ئازادیخوازو ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان دادەباراندو ئەو ناوچەیان دەکردە یەکارچە لە ئاگردانی گڕ و بلێسەی سوتان و وێرانی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان بە تایبەتی دەورو بەری دەنگی کوردستان کە لەو سالانەدا هەمیشە هێرشێکی درندانە دەکرایە سەر گەلی کوردو گەلێ وێرانی و خاپور کردنی کوردستانیان وەدی دەهێنا و هەرچی کە لە دەستیان دەهات بۆ لە ناو بردن و وێرانی کوردو کورستان نەدەپەنگانەوە .

ئێمەش لە دەنگی کوردستان هەمیشە لە کار دابووین و تەواوی برادەران و هەڤالانی ئەو سەردەمە بۆ پوخت و ڕوخت کردنی بەرنامەکان هەولێکی زۆریان دەدا .

ئەو ڕۆژە بەیانی بوو ، تازە خەریکی کارو بارەکان و نان خواردنی بەیانی دەبووین ، وەك هەمیشە زووتر لە خەو هەل دەستاین ،ئەو ڕۆژەش من لە سەر کۆنترۆلی ئێزگەکەبووم کە پرۆگرامی دوێنێی دەنگی کوردستانمان بلاو دەکردەوە ، ئاخر هەموو بەیانیەك دووبارە بەرنامەی دوێنێمان لە دەنگی کوردستان دا دووبارە دەکردەوە و پەخشمان دەکر ،لەو هەموو ماندو بوون و هەول و خەبات و تێکۆشانەدا هەرگیز لە گەل ئەو هەموو هێرش و پەلامار دانەی داگیرکەران بە فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانیان هەرگیز وورەمان بەر نەدەداو بگرە لاۆژ بە ڕۆژ گیانی پاکی خەبات و تێکۆشانمان لە ژێر سایەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و سەرکدە قارەمانەکەی پتەو ترو بە هێز تر دەبوو ،هەڤال خالیقیش

لەو ژوورەداله ئەشکەوت لە لای جیهازەکانەوە بوو، بەڕێز کاك غالیبیش لەوێ بوو ئەویش خەریك جیهازەکان بوو بەڕێزدلشاد مەسرەفیش تازە هاتبووە بۆ لامان بۆ تۆمار کردنی بەرنامەکانی خۆی و خوێندنەوەی دەنگ و باسەکان بە شێوەی سۆرانی،فوئادە قوتیش لە لای ماکینەی کارەبا بوو کە لە ئەشکەوتەکەی ئەولامانەوە بوو،ئەوڕۆژە نۆرەی بەرنامەی کاروانی شەهیدان بوو کە بەڕێز ماموستا عوسمان سەعید بلاوی دەکردەوەو پێشکەشی دەکرد،بەلام ماموستا عوسمان هێشتان نەها تبوو،چونکە ئەو درەنگ تر دەهات لە بەر ئەوەی لە گوندی مێرگە دەژیا،دوای تەواو بوونی بەرنامەکەمان کە بۆ جاری دووەم بلاومان کردەوە،چووین بەرەو نانخواردنی بەیانی،لە ژوورەکەی خۆمان کە لە جیهازەکانەوە  نەزیك بوو،هەر لە نەزیك دەرگاکەی ئەشکەوتەکەوە لەلای پێشەوە خانوێکمان دروست کرد بوو کە من و خالیق و ئەمجەد بە یەکەوە لەو ژوورەدا دەژیاین و شەوانە لەوێی دەخەوتین،ئەو بەیانیە کە تازە خۆرەتاوی ڕەنگین و جوان لە دەم کەلەوە خۆی نیشان دەداو تەواوی لەتکە بەرزەکانی چیا سەرکەشەکانی کوردستان بە خۆرەتاوی زێڕین زەرد هەلگەڕا بوو،کەمێ تەمو تومانیش لە ناو هەندێ دۆل و بنارەکاندا خۆیان لە دامێن و قەدپالی مامە ڕوتەوە وەرینا بوو،وردە وردە بە تیشکی زێڕینی خۆرەتاوا تەمو مژیش بەرەو بەرزایی دەچوون و دەڕەوینەوە،ئێمە وەك هەمیشە چاوەڕوانی هەڤالانی موزیع و برادەرانمان دەکرد کە بێن بەرنامەکانیان تۆمار بکەین و لە ئێزگە دەنگی کوردستان بلاوی بکەینەوە،لە نان خواردنی ئەو بەیانیە بووینەوە ،کاك جەلا عەبدولڕەحمانیش لە خەو هەل دەستێت و بۆ لێنانی چا لە لای ژوورەکەی خۆیەوە،ئاگر دەکاتەوە و لێ دەبێ بە چەپە دوکەل و کە ئەو دوکەلە بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە،لەو کاتەش دا فڕۆکەکانی داگیۆکەران بەو بەیانیە زووە بۆ وێرانی و کاول کردنی شارو دیهاتەکانی کوردستان بە سەر ئەو ناوچانە زۆر بە نزمی دەسوڕانەوە،ئیتر ئەو دوکەلەیان نیشان لێ گرت و یەکسەر هاتنە سەرمان و نەزیك ئەو شوێنەیان بۆردومان کردو،دیاریشە لە کاتی هاتنیان بۆخودی ئەو شوێنە بوو بە هۆی و دیار کردنی دەنگی کوردستان بە هۆی خانوو بەرەکان و بە تایبەتی ئەنتێناکانی کە لە سەرەوەی ئەشکەوتەکە بەرز ببونەوە،ئیتر بەو شێوە شوێنی ئێمەیان بنیەوە و نیشانیان کرد و هەندەی پێ نەچوو کە چوار فڕۆکەی هەنتەر بە یەکەوە هاتنە سەر دەنگی کوردستان و ئیتر ئەو ناوزەیان بە بێ وەستان دایە بەر موشەك و بۆمب و بەرمیلە تیزابەکانیان کە بەسەر ئەشکەوتەکەیان دادەڕژان تەنانەت خۆل و شاخیشی گڕ تێ بەردەداو هەرچی کە ئەو چوار فڕۆکەیە لە باریان بوو زۆر دڕندانە بە سەرمان دا هەلیان ڕشت و ئیتر ئەو ناوەیان کردە یەك پارچە ئاگردانی گڕ،خۆ پێش هەموو شتێك نیشانەیان لە دژە ئاسمانیەکەمان گرت و کە تێك و پێکیان شکاندو،ئیتر شتێك نەما کە بەرگری لەو شوێنە بکاتن،فڕۆکە وانەکان بە هەوەسی خۆیانەوە لە سەر ئەشکەوتەکەی سەردیمان دەخولانەوە و بۆردومانیان دەکردین و دەگەڕانەوە ئەمجارە تاخمێکی تر لە فڕۆکەکان بە بۆمبای ناپالم و پڕ لە باروتەوە دەهاتنەوە سەرمان و ئەوەندەیان موشەك و بۆمبای ناپالم و تیزاب و شەت تیرەکانیان پبە سەر داباراندین کە دڕندەکان وایان دەزانی هەرچی کە لەو ناوە مابێتن ئەوا بووە بە خۆلە مێش و لە ناویای بردووین،گڕیان لە پوش و پەراش و دارو باری ئەو ناوەو سەر ئەشکەوتەکەی سەردیمان و دەورو بەری بە تەواوی بەردابوو،ئیترئێمەش  لە بەر چڕە دوکەل لە ناو ئەشکەوتەکە هەناسەمان دەگیراو پشومان تەنگ دەبوو،بەلام بە قەدەر تۆسقالێکیش ئەوەی کە ترس بێتن،لە ناو دل و دەرونمان نە دەڕوا ،هەرچەند کە خەتری

مەرگیشمان لێ نەزیك بوو، بەڵام مرۆ کە بیرو باوەڕی بەرزو هەستی پاکی خاك و نیشتمانی شیرینی ژێر دەستەی داگیرکەران لە خەبات و تێکۆشان دابێت، ئیتر ماناى ترسی مەرگ و نەمان لە ناو دلی هەموو ڕۆڵڕپرکی کە خۆی لە پێناوی نیشتنی تەرخان کردووە هەرگیز لە لای ئەو مرۆبەپێشمەرگانەدا ی نابێتەوە .

ئیترئەو ڕۆژە بەبێ وەستان دەها تەن باروت و تیزابیان بە سەردا ڕشتێن و هەمو ئەو ناوەیان گڕ تێ بەردا ، کە بۆردومانەکەیان ئەوەندە خەست بوو بە خەیالی خۆیان هەموو شتێکیان لە ناو بردووە و ئیتر تەواوی پێشمەرگەکای دەنگی کوردستانیان بە تەواوی لە ناو بردووەو هەرچی کە لەو ئێزگەیە بووینە بە هەموو کەل و پەلەکانەوە گیانیان لە دەست داوە .

بەلێ ئەوان واتە ئەو دڕندانە تەنانەت ساتێکییش لە بۆردومان کردن نەدەوەستان و بە هەموو جۆرە چەکێکیانەوە



لە بەیانی تا ئێرواره فڕۆکەکانیان نەدەوەستان و بۆردومانیان دەکرین ، تەواوی هەڤالانی سەرکردایەتیش وایان دەزانی کە ئێمە هەمووومان هیچ نەبێت بە دوکەل خنکاوین، هەرچەندە گەلێ ئازارمان بە دەست چڕە دووکەلی سوتانی ئەو ناوەوە دیت، بەلام تاکەکەسێکیشمان زیانمان پێ نەگەیشت ولە ناو ئەو ئەشکەوەتەوە لە گەل ئەو بۆردومانەشەوە کاری خۆمان کردو لە دەنگی کوردستانەوە بلاومان کردەوە کە لە بەر چەند هۆیەکی هونەری دەنگی کوردستان دەوەستێت و ئیتر تا چەند ڕۆژێکی تر لەم ڕۆڕا دەنگی کوردستان کار ناکات و لە دوابی ئاگادارتان دەکەینەوە .

بەلێ ، تەواوی خەلك وایان دەزانی کە هەڤالانی ئێزگە هەمووومان لە ناو چووین، سەیدا ساڵح بۆ ئێوارە کە چاوی بە ئێمە کەوت و دەیگوت: لەو دوورەوە سەیرم دەکرد کە بۆمباکانیان لە دەرگای ئەشکەوت دەدا وام دەزانی کە هەموتان کارتان تەواو بوو، ئیتر یەکسەر باوەشی لە ئێمە گرت و هەمووومانی ماچ دەکرد و دلسۆزانە سوپاسی یەزدانی دەکرد کە سەلامەت بووین، هەڤالانی تری دەنگی

کوردستان هەموویان هەر لە گەل یەکەم جار بۆردومان کردن دا ئەو ناوەیان بە جێ هێشتبوو،هەر یەکە بەلایەکەوە ڕۆیشتبوون،لەو سەردەمانە دا کاك شێرکۆ بێکەسیش لەوێ کاری دەکرد،ئەو ڕۆژەش بارزانی نەمر گایەکی بۆ هەڤالانی ئێزگە بە دیاری ناردبوو،ئەو گۆشتە ناسك و پڕ لە تامی ئێمەی تامەزرۆی گۆشت لە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە مابۆوەو کەس نەبوو کە تیکەبێ لەو گۆشتە ناسك و جوانە لێ بداتن، بە داخەوە کە هەمووی لە بەر دوکەل و تیزاب ڕەش هەلگەڕا بوو،کە شەو هات و هاتینە دەرەوە کاك عەبدوالخالیق گوتی وەرن با تکەبێ لێ بدەین و ئەوسا بڕۆین بەلام نە ئاو هەبوو لامان نە پێویستیەکانی تکە لێ دان بۆیەکە بە جێمان هێشت و چوینە لای گەلالەو بەرەو حاجی ئۆمەران چووین،کە پاشان خدر مەنگوڕ چوو بوو هەموو گۆشتەکەی پاك کردبۆوەو هێنای بۆمان لە ماوەتان خواردمان، ئەو ڕۆژەکە تارمابی شەو داهات کاك فەرەنسۆ هەریری لە پڕ لە ئەشکەوت پەیدا بوو،هات وگوتی من لە سەر بڕیاری بارزانی هاتووم هەوالتان بزانم،چونکە وامان دەزانی کە نەماون،دەیگوت:منیش تەواوی ئەو ڕۆژە سەیری بۆردومانەکەم دەکرد هەر وام بیر دەکردەوە کە هەرچی لە ئەشکەوتەکە مابێ نەماوە،دەشمان زانی کە ئێوە لە ئەشکەوت ماون و گوێمان لە بلاو کردنەوەی هەوالی دوەستانی دەنگی کوردستانەوە بوو،گوتی بارزانی دەفەرموێ دەبێ ئەمشەو بگوازەنوەو زو،ئەو ناوە بەجێ بێلن و کەل و پەللەکانیش بە زووترین کات لەو ناوە نەهێلن، چونکە سبەی دیسان فڕۆکەکان دەگەڕێنەوە،زۆرمان دلشاد بووین بە هاتنی کاك فەررەنسۆ هەریری لەو کاتەدا .ئیتر ئێمەش بەو شەوە هەمووومان ئەوێمان بە جێ هێشت و چوینە لای حاجی ئۆمەران و لەوێ شوێنێکمان پەیدا کردو،شەهیدی جوانەمەرگ کاك ئیدریس نەمر هاتە لامان و ئەویش زۆر شادمان بوو کە کەسمان هیچمان لێ نەهاتووەو ئیتر سەیارەیەکی سەربازی ڕیۆی داینێ و فەرمووی بە زووترین کات ئەو کەل و پەلانە بگۆزنەوەو شوێنێ بدۆزنەوە کە لە بار بێتن بۆ دەنگی کوردستان و هەرچی پێویستیەکی هەشتان بێت ئەوا داوا بکەن و بۆتان بە پێی ئیمکان جێ بە جێ دەکەین،ئیتر بۆ شەوی دوابی چووین هەمو کەل و پەلی ئێزگەمان لێ بار کردو گواستمانەوە ماوەتان و لە دوای دوو ڕۆژ دیسان ئێزگەمان بە کار خستەوەو ئیتر بۆ ماویەیك لە ماوەتانی لای حاجی ئۆمەرانکارو بارەکانی ئێزگەمان دروست کردەوەو شەوانە جیهازەکانمان هەر لە ناو ئەو ریۆ سەربازیەوە ددەخستە کارو لەو ناوە واتە لەو گۆڕە ستۆدیۆیەکی هاکەزایمان پێك هێنا کە گیرو گرفتمان دەنگی سیسرەو بۆق و بالندەکانی شەوانە بوو کە لە گەل تۆمار کردنی بەرنامەکان دەر دەچوون ئیتر وردەوردە دەست بە کار بووین و شوێنێکی تازەمان لە کانی خاتوون دروست کرد کە بەدوور و درێژی لە بیرەوەریەکانم باسم کردووە .